# مەترسیی ئیسرائیل بۆ سەر عەرەب، مەترسیی ئیران بۆ سەر عەرەب

**نەجات ئەسپیندارەیی**

شەڕی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا بە هیچ مانایەك ڕووداوێکی سادە نەبوو, بەڵکو ڕووداوێکی مێژوویی بوو و دەبێ لە فەرهەنگی جەنگە خوێناوییەکاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێ, چونکە لە مێژووی عەرەب و ئیسرائیلدا بۆ یەکەم جارە سوپای ئیسرائیل بەو شێوەیە شکست بێنێت و لە هێرش و پەلامارەکانیدا وەها تووشی دۆڕان ببێت و لێنەگەڕێن چەند کیلۆمەترێك پێشڕەوی بکات و ئامانجەکانی وەدەست بێنێ, بە ڕای من ئەم شەڕە سیناریۆیەك بوو ئێران دروستی کرد، ئەویش وەکو هۆشدارییەك بۆ وڵاتانی نەیار بەتایبەتی ئەمەریکا کە پێیان بڵێ ئێمەش هێزێکی ئەقلیمین و لە هاوکێشەکاندا سەنگی خۆمان هەیە, هەروەها بۆ ئەوەش بوو کە بە دنیا بڵێ کە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ ئێراندا هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە و بازنەی شەڕەکە فراوان دەبێ, چونکە ئێران جگە لەو لەشکر و سوپا و جبەخانەی کە هەیەتی لە دەرەوەی خۆشیدا هێزی تەییار و پڕچەکی هەیە, کە دەتوانین بە تابوری پێنجەم وەسفیان بکەین, لەلایەکی دی بە بۆچوونی زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە خۆڕاگریی حیزبوڵلاّ هەیبەتی ئیسرائیلی تێکشکاند و گیانی مقاوەمەت و خۆبەختکردنی بەبەر عەرەبەکاندا کردەوە و متمانەبەخۆبوونی لە ناخی عەرەبەکاندا بەرجەستە کردەوە, هەرچەندە ئیسرائیل ژێرخانی لوبنانی تێکدا، بەڵام لە بەرامبەر حیزبوڵڵادا تووشی دۆڕان هات، چونکە شەڕەکە شەڕی مەعنەویات بوو نەك شەڕی زەرەر و زیانی ماددی, ئیسرائیل پاڵەوانێك بوو زۆربەی شەڕەکانی ڕۆژگاری بردبووەوە، بۆیە ئەم دۆڕاندنە شکستێکی گەورە بوو بۆ ئەو, بێگومان حیزبوڵلاّ لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا بە هەموو شێوەیەك بەگژ ئیسرائیلدا چووەتەوە, بە شێوەی هێرشبردن و سەرباز ڕفاندن و هەتا خۆتەقاندنەوەش, بێگومان دیاردەی خۆتەقاندنەوە لە جیهانی ئیسلامیدا یەکەم جار لەسەر دەستی حیزبوڵڵای لوبنانی پەیدا بوو، کاتێ لە ڕۆژی (1984/6/6) حیزبولڵاّ گەنجێکی تەمەن (18) ساڵی بە ناوی ( بیلال فاحص ) ئامادە کرد و بە ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو خۆی بە کاروانێکی سەربازەکانی سوپای ئیسرائیلدا تەقاندەوە, دیارە مێژووی خۆتەقاندنەوە لەم ناوچەیەدا لەسەر دەستی ئەو حیزبە پەیدا بوو، کە ئێستا بووەتە دیاردەیەکی جیهانی, لێرەدا شەڕی ئیسرائیل و حیزبوڵلا ـ کە بە شەڕی شەشەم ناوزەد کرا ـ لە ڕووی سەربازییەوە چەند سەرکەوتنێکی گەورە بوو لە ڕووی سیاسیشەوە بە هەمان شێوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو کاتێ دوای ڕاوەستانی شەڕ حەسەن نەسروڵلا بڕیاری قەرەبووکردنەوەی هەموو زەرەرلێکەوتووانی دا, بێگومان ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ حیزبوڵڵاو گورزێکی گەورەش بوو بۆ حیزبەکانی تر بەتایبەتی حیزبەکەی (سعد الحریری)

و حیزبەکەی (ولید جنبلات), بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە وڵاتە عەرەبییەکان زۆر دڵخۆش نەبوون بەو خۆڕاگرییەی حیزبوڵڵا بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە زۆربەیان سوننە مەزهەبن، وەکو سعودیە و میسر و ئوردن و هەندێ وڵاتی تر. هۆیەکەشی ئەوەیە کە عەرەبەکان چەند لە داگیرکاریی ئیسرائیل دەترسن ئەوەندەش لە هەیمەنەی ئێران دەترسن, یاخود ئیسرائیل چەند بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان، ئێرانیش ئەوەندە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان, چونکە بۆیان روون بۆتەوە کە ئێران لە رێگای گرووپە شیعەکانەوە دەیەوێ وڵاتانی عەرەبی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە, ئەزموونی عێراقیش باشترین نموونەیە، چونکە ئێران لە رێگای موقتەدا سەدر و مەجلیسی ئەعلا و حیزبی فەزیلەوە عێراقی کۆنترۆڵ کردووە و ئەو گرووپە شیعانە ئەوەندەی گوێڕایەڵی ئێرانن، نیو ئەوەندە گوێرایەڵی حکومەتەکەی خۆیان نین.

هەروەها لە لوبنانیش لە رێگای حیزبوڵڵاوە باشوری ئەو وڵاتەی کۆنترۆڵ کردووە, ئێران لەم ماوەیەدا زۆر گرنگی بە حیزبوڵڵا دەدا و حەسەن نەسروڵڵای کردووەتە گیڤارای شۆڕشگێڕ و لە سەرتاسەری ئێراندا وێنەی بەرز دەکەنەوە و بە شان و باڵیدا هەڵدەدەن.

عەرەب کێشەیەکی دێرینیان هەیە بە ناوی کێشەی ئیسرائیل کە چەندین ساڵە پێیەوە دەناڵێنن، بۆیە حەز ناکەن کێشەیەکی تریان بۆ زیاد بێ و ئێرانیشیان لێ ببێت بە ئیسرائیلی دووەم.